لەو ڕۆژەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاتە نێو مەدینەوە؛ هەموو شتێک ڕۆشنا بوویەوە، وئەو ڕۆژەی تێیدا مرد؛ هەموو شتێک تێیدا (لە مەدینەدا) تاریک بوویەوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەو ڕۆژەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاتە نێو مەدینەوە؛ هەموو شتێک ڕۆشنا بوویەوە، وئەو ڕۆژەی تێیدا مرد؛ هەموو شتێک تێیدا (لە مەدینەدا) تاریک بوویەوە، وهێشتا خۆڵمان لەسەر دەستەکانمان لانەدا بوو پاش ئەوەی پێغەمبەری خودامان لەگۆڕ دانا -صلى الله علیه وسلم-؛ هەستمان دەکرد دڵەکانمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- یەکەم جار هاتە نێو مەدینەوە پاش ئەوەی لە مەککەوە کۆچی کردبوو؛ هەموو شتێک لەو شارەدا ڕۆشنا بوویەوە، وئەو ڕۆژەی تێیدا مرد؛ هەموو شتێک تێیدا لەو شارەدا تاریک بوویەوە، ومەبەست لە ڕۆشنایی وتاریکی لەم فەرموودەیەدا؛ مەبەستێکی واتاییە نەک ڕاستی وهەستپێکراو، پاشان باسی ئەوەی کرد؛ کاتێک تەواو بوون لە لەگۆڕدانانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حاڵی دڵیان وەکو پێشووتر نەبوو؛ کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ژیاندا بوو؛ لە نور وڕۆشنایی ئیمان ونەرم ونیانی وتەبایی چونکە وەحی چیتر دانابەزێت وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد وبەرەکەتی هاوەڵێتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەما.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10983

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee